www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 12:33 25-8-2006

## (نەبەز گۆران) ی حەق بێژ وات کرد هەست بە تەنیایی نەکەم... کارۆخ ئیبراهیم حەکیم

دەست خۆش، دەست خۆش كاك نەبەز وام هەست دەكرد تۆش كەسێكی لەو كەسانەی كە تەنها جورئەتی ئەوەیان هەیە لەسەر ڕۆژنامەكان خاڵە هەرە لاوازەكانی نێو كۆمەڵگا نیشان بدەن و قسەی لەسەر بكەن بەڵام دوای ئەوەی لە بەرنامەكەی زەنگی سەتەلایتی كوردستان تۆم بینی هەستم كرد زۆرت لە دڵەو زۆریشت ماوە بڵێی زۆرجیاوازیشی لەو كەسانەی كە لەسەرەوە باسم كردن... هەرچەندە ئێمە لە وولاتێك دەژین كە من ناوم ناوە دیموكراتیەتی چەك خواز و بیر نەكەرەوەی داخوازییەكانی میلەت تێیدا ڕەخنەگرتن مجازەفەیە بە قەڵەم و بە گیان لە بەرامبەر كۆمەڵە ئەژدیهاییەكی بەرهەم هێنەری ئێمە وەك میللەت و حەزە بێ كۆتاییەكانی ئەوان وەك بەرپرسێكی هەست نەكراو لە بەرپرسیارییەتی خۆی، نازانم تۆ پێت وایە ئەوەی ڕەخنە لەم ئەژدیهاییانە بگرێت دەبێت وەكو ئەوان ئەژدیها بێت؟یان تۆش هەست دەكەی دەبێت ئێمە نەك ئەژدیها بەڵكو گیانێكی بەهێز و هەستێكی بەرگری پۆڵاینمان هەبێت بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەم دڕندانە ببینەوە..

كاك نەبەز... هیوادارم لەم ڕێڕەوە لا نەدەی هەروەكو چۆن منیش هەمان مەبەست و هەمان ڕێگەی تۆم گرتۆتە بەر بەڵام نەك وەك تۆ تەنها بە قەڵەم و قسەكردن بەڵكو من جوڵەشم لەگەڵ هەیە ئەویش هونەری شانۆیە مادام هەست دەكەم بە تەنها نیم و قەڵمێك هەیە وەك بنوسێت با منیش ببمە خۆڵەمێشێك بۆ ئەو میللەتە و لە پێناو داخوازییە خوراو خەم لێنەخوراوەكانی ببمە قوربانی.

Karox_ibrahim@yahoo. com